قوتبولعارفین...

حەزرەتی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری شاهی شەمزین

محەمەد ساڵح ئیبراهیمی- شەپۆل

3

کاتێ مرۆڤێکی گەورە دەناسین کە لە ژیانیا سەرکەوتووانە ژیاوە، رۆحی ئەو لە دەروونمانا شوێن دائەنێ و لەگەڵ ئەو دەژین و ژیانێکی سەر لە نوێمان پێ ئەبەخشێ، «شاندل- دەفتەرە سەوزەکان» عارف و خواناسی رەببانی حەزرەتی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری شاهی شەمزین (قدس سره) نە وەک ئیمام موحەممەدی غەزالی و محی الدین عەرەبی یان تەنانەت وەکو تاج العارفین ئەبو الوفای کورد) عارفێکی گەورەی موسڵمانەو بەس کە تەنیاو تەنیا لە حاڵاتی عیرفانی بیربکاتەوەو بەپێگەیشتوویی تاکی یان خاوێن کردنەوەی نەفس و دەروون پاکی خۆی و چەند کەسێکی وەکو خۆی قنیات بکا ئیتر لەبەرەو پێشبردنی کۆڕو کۆمەڵ و چەککردنی کۆمەڵ غافڵ بمێنێ، لە زوڵم و زۆری حکوومەتی عوسمانی و قاجار و لە هێرشی دوژمنانی ئیسلام ملهوڕی حکوومەت و چەوساندنەوەی گەل خەبەردار نەبێ و نەوەک ئەبو موسلیم یا سەلاحەدین ئەیوبی و کەسایەتی گەلێکی وەکو ئەوانە کە لە مێژووی ئیسلامدا تەنیا پیاوی شمشێرو دەسەڵات و سەرداری خەبات و دیفاع بن کە تەنیا ڕێگای گۆڕانی بیروباوەڕ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی مرۆڤ بە داسەپاندنی زۆرە ملێ و دەسەڵات پەیدا کردن بەسەر دژو دوژمن بزانێ، هەروەها نەوەک ئەو زانایانە کەوا دەزانن وەزعی کۆمەڵی ئیسلامی هەر جۆر بێ، دەتوانن بە گوێرەی تەفسیرێکی زانستی ئەمڕۆ و تەئویلاتی زانستی و مەنتیقی سەدەی بیستەم لە بیروڕاکانی ئیسلامی و لە ئایاتی قورئانی و لێکۆڵینەوەوپەرەدار بوونی زانایانە و ورد بوونەوەی فەیلەسوفانە، ئیسلام زیندوو بکەنەوە.

شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری شاهی شەمزین لە فەرمودەکانی خۆیدا، فەرمووی: (550)ساڵ بەر لەئەمرۆ ئیمپەراتۆری عوسمان بەزوڵم وستەم کردن دەسەڵاتی پەیدا کردو بەدرێژایی ئەوماوە لەرێگای ئیسلام کلاو لاریێ بووە و ئایینی خوانەناسی گرتۆتەبەر، جاهەر لەبەر ئەوە لەرێبازی تاریخی خۆیدا کزو کزە لۆک بووەو لەنابودی نێزیکتر بۆتەوە، ئازیزانی من وەرن باپێکەوە لەقسەو ئەزموونی پێشینانی خۆمان، پەندو عیبرەت فێربین، ئیتر سەر بۆ زوڵم و ستەمی تورکی خوا نەناس، دانەنوێنین، نەک تەنیا کوردانی بن دەستی تورکیە بەڵکو کوردەکانی بن دەستی حاکمانی زاڵم ومارزی و ئێرانیش نەبێ ئازاد و سەربەخۆبین، ئەوە ویستی پێشینانی ئێمەیە کە لەبن سێبەری دیندا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوە و نیشتیمانی خۆمان مرۆیانە بکۆشین و لەقسەوپەند و ئەزموونی ئەوان، تەجرەبە فێربین، تابەئامانجی خۆمان بگەین، ئەمرۆ نابێ لەحوکومەتی قاجار لەئێران بترسین، چونکا ئەگەر ئێمە پەلاماری بدەین، ئەوناتوانی پتر لەسەد هەزار سواری شەڕوان، ئامادەبکا، کەنیوەش لەو سوارانە لەکوردەکانی خۆمانن، کەئەوانیش لەدەس زوڵم و ستەمی حوکومەتی زاڵم و مارزی ئێران ناڵە ناڵیانە، هەر وەکو ئاگادارن بەشێ لەسەر و سامانی کوردستان لەبن دەستی دەسەڵاتدارانی زاڵمی ئێراندایە ئێمە راپەڕینی ئازادیخوازی خۆمان لەبەشی کز و کەنەفت

دیکە کە حوکومەتی زاڵمی قاجاری ئێرانە، دەس پێدەکەین، تا سەرەنجام کوردستانی بن دەس عوسمانیش رزگارو ئازاد بکەین، ئەم حەرەکەتە دەبێتە هۆ کەبەشێ فرە لە هەرێمی کوردەواری بخەینە بن فەرمانی خۆمان و لەگەڵ خۆمانیان بخەین و شەڕوانانی فرە، بێتە نێو هێزی پێشمەرگەی ئێمە و ئەوسا بەدەسەڵات و هێزی فرەتر، بچین بەگژ حوکومەتی زلهێزی عوسمانیدا، بەڵام ئەگەر تەنیا بەچیا سەخت و بەرزەکانی کوردستان دڵخۆش بکەین، لەوێ بەدەسهێنانی کەرەستەی جەنگ و ئازوخە، کەند و کۆسپمان بۆ دروست دەکا، ئێوەش دەتوانن بیروڕای خۆتان بەراشکاوی و بەئاشکرا، دەربڕن، تا بە تەگبیر و مەشوەرەت بەئاکام بگەین، ئایا ئامادەن دەس بکەین بەڕاپەڕین و بڕۆینە پێشەوە؟ تکایە هەر بیر و رایەکتان هەیە، بەئاشکرا بەیانی بکەن.

دوکتور سادق شەرەفکەندی لەکتێبی خۆیدا، بزوتنەوەی نەتەوایەتیەکانی کورد لە پەرەی 39-40دا ئاوای نوسیووە، لەمانگی گەلاوێژ، موردادی 1879ز شێخ عوبەیدیلا سەد و بیست و دوو کەس لەسەرانی ئێلی کورد و پیاوە گەورەکانی ئایینی لە مەلبەندی شەمزینان لەنەهری کۆکردەوە لەو کۆبونەوانەدا، لەبابەت دارشتنی چیکەن و لەکوێوە، دەس بدەنە راپەرینی ئازادیخوازی کەئاسانتر بەنەتیجە بگەن، هەندێ لەسەران لایان وابو، هەر لەسەرەتاوە هێرش بەرنەسەر شەروانانی هەر دوو حوکومەتی عوسمانی و قاجار، بەڵام شێخ جەنگ کردنی لەگەڵ دو حوکومەتی وەک عوسمانی و قاجاری ئیرانی، هاو زەمان لایشی وابووە، جەنگی ئاوەها لەوزە بەدەرە و بەرژەوەندی کورد دابین ناکاو بروا هاتەسەر ئەوە لەسەرەتاوە هێرش بەرنەسەر شەڕوانانی قاجار و ئەو جەنگە لەنێوەڕاستی رەزبەر میهری 1880ز لەدووقۆڵەوە، دەسپێکرا، هێزی یەکەم بەفەرماندەیی شێخ سەدیق کوڕی گەورەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئابڵوقەدانی شارەکانی ورمێ، سەڵماس (زاروەند) خۆیی و ماکۆ (مادکۆ) هێزی دووەمیش لەبن فەرمانی شێخ عەبدولقادر کوڕە چکۆڵەکەی شێخ بەیارمەتی دووکەس لە سەرانی ئێلی کوردە، بەناوی هەمزاغای مەنگورو فەیزوڵڵا بەگی، بەگزادە، بۆئابڵوقەدانی شارەکانی سابلاغ، (مەهاباد) میاندواو مەراغە و تەورێز. دوکتور شەرەفکەندی لەبەردەوامی کتێبەکەیدا دەنوسێ: شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا لەساڵی 1908ز ڕۆژنامەیەکی بەناوی ئۆرگانی(جەمعییەتی تەعالی و تەرەقی کورد)، بڵاو دەکردەوە، ئەو رۆژنامە یەکەمین رۆژنامەی تایبەت بەکوردەکان بو کەبەرەسمی بڵاو دەکراوە، لەڕاستیشدا تریبۆنێ بو بۆ باس و وتوێژلە بابەت فرەیێ لە بارەی فەرهەنگ و کوردایەتی و مەبەستی نیشتیمانی کوردەکان، کە هاودەنگی و هاوکاری و یەکگرتنێ فرەو پەرەداری لەنێو کوڕ و کۆمەڵگای کوردەواریدا سازدا، بەڵام لەدواییدا بەبۆنەی کێشمەکێش لەنێوان بەدرخانیان و سەیید تاهای نەهری کوری شێخ سەدیق کوڕی عوبەیدوڵڵا، دژایەتی گەیشتە ئەو شوێنەی کەشێخ عەبدولقادر بە تەواوی لە جەمعییەت) جیابۆوە و رۆژنامە تایبەتیەکەی خۆی بەناوی هەتاوی کورد بڵاو دەکردەوە، حەمەرەسوڵ هاوار لەکتێبەکەی خۆیدا (سمایل ئاغای شکاک) پەرەی 112-113ئاوای نووسیوە: شێخ عوبەیدوڵڵا لەروی ئەو ئەزموونانەی کەلەبزاوی بەدرخان پاشافێر بوو، فرە بەرچاو تێکۆشا تادۆستی و پێوەندی نێو سەرانی کورد قەوی و پتەو تر بکا، چونکە باش تێگەیشتبوو یەکێ لەهۆی دابەش بوونی کورد، ئەوەیە کەسەرانی ئێلی کورد، سەبارەت بەیەک عنادیان هەیە و پێوەندی دۆستی و پاراستنی بەرژەوەندی کورد و کوردستانیان لە نێواندانیەو ئەگەر هەشبێ فرە لاوازە. جا شێخ عوبەیدوڵڵا لەبەر ئەوە کە دەردەکەی ناسیبوو دەس بە کار بوو ژمارێ فرەی لە سەرانی ئەو ئێلە کوردانە، یەکخست و بەرەیەکی یەکگرتووی سازداو لەگەڵ بزاوی خۆی خستن، دیارە هەروەک مێژوو دەڵێ: یەزدان شێری خزم و کەسی بەدرخان پاشا، لە هەنگامەی شەڕی دەوەری ورمێ، خەیانەتێ گەورەی بە بزاوی کورد، کرد کە سەرەنجام بووە هۆی تیشکانی بەدرخان پاشا هەریەو شێوە تەیمورخان پاشا کە رابەری کوردەکانی جەلالی بە ئەستۆبوو لەگەڵ سەربازان و شەڕوانانی حکومەتی قاجاری ئێران بەگژ پێشمەرگەی بزاوی شێخ عوبەیدوڵڵادا چوو بۆووە هۆی تیشکانی هێزی شێخ لە شاری ورمێ. حەمە رەسوڵ هاوار لە کتێبەکەی خۆیدا چەندین نامەی تاریخی هێناوە ئەو نامانە بەڵگەی مێژوویین لە بابەت ناساندنی راپەرینی شێخ لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. بۆ وێنە نامەی میرزا حسێن جاف سپەهسالارو نامەی تومسۆن نوێنەری ئینگلیس لە تاران بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا گرینگتر لە هەموویان نامەی شێخ عوبەیدوڵڵایە، بۆ کاپیتێن کلایتون کۆنسولی ئینگلیس، تەواوی ئەو نامانە نیشانەی ئەوەن کە شەرق و غەرب داچڵەکابوون و ترسیان لێ نیشتبوو کە نەبادا کوردستان ئازادو سەربەخۆبێ، کۆنسۆڵی روس لە تەورێز نووسیویەتی نەتەوەو میللەتی کورد، لەبەر ئەوەی لە کارو کردەوەی کار بەدەستان و دەسەڵاتدارانی ئێران بە دڵ و دەروون بێزاربوون و فرە بە دەسیانەوە تووشی دەردو رەنج و زوڵم و ستەم ببوون و دەسەدەسە روویان دەکرد شێخ و لایان وایە شێخ ناجی و رزگاری دەریانە، شێخ عوبەیدیلایش هاتبووە سەر ئەو بیرو بروایە کوردو ئەرمەنی کە لەو سەردەمەیدا بە ئەستوری ناوداربوون، دەبێ پێکەوە بە دژی زوڵم و ستەمی کاربەدەستان و شەڕفرۆشانی حکومەتی عوسمانی یەک بگرن و وێکرا بە رەنگاریان بێن،

> لەمانگی گەلاوێژ، موردادی 1879ز شێخ عوبەیدیلا سەد و بیست و دوکەس لەسەرانی ئێلی کورد و پیاوە گەورەکانی ئایینی لە مەلبەندی شەمزینان لەنەهری کۆکردەوە لەو کۆبونەوانەدا، لەبابەت دارشتنی چیکەن و لەکوێوە، دەس بدەنە راپەرینی ئازادیخوازی کەئاسانتر بەنەتیجە بگەن
>
> محەمەد ساڵح

نەورۆز لە ڕوانگەی زانست و ئەفسانەدا

رزگار ڕەنجەڕۆ

1

لەگەڵ دەسپێکی هەموو بەهارێکدا لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە مەشخەڵ و کوتەڵی ئاگرو ئاهەنگگێران جەژنی نەورۆز پیرۆز دەکرێت کە بووە بە نەریت و جەژنێکی نەتەوەیی بەتایبەتی بۆ کورد، بێگومان هەندێ لە گەلانی کیشوەری ئاسیاش هەر یەکەو بە بیرو بۆچوون و لێکدانەوە و نەریتی خۆی بە جۆرێ پێشوازی لەم جەژنەدا دەکات وە زۆربەشیان بە جەژنی ڕاستەقینەی خۆیانی دەزانن، لەم نوسینەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە کێ خاوەنی ڕاستەقینەی نەورۆزە، چونکە ئەو بەڵگانەی کە لەم بابەتەدا دەیانهێنمەوە تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنداریەتی نەورۆزمان بۆ دەسەلمێنێ، مەبەستی سەرەکیمان شیکردنەوەی نەورۆزە لە هەردوو ڕوانگەی «زانست و ئەفسانە»دا تا چ ڕادەیەک لەیەک دەچن و لە ڕاستیەوە نزیکن.

ئەفسانە ئەو بەسەرهات و ڕووداوە مێژوویانەیە ùوەک چیرۆک لە ناو چوارچێوەی خەیاڵ و دونیای یۆتۆپی دەهۆنرێتەوەبەڵام خاڵی نییە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە، بەڵکو ڕاستییەکەو هەر بۆ سەرنجڕاکێشانی گوێگر بەسەرەوەنان و داهێنانی دونیای یۆتۆپیای چیرۆکوانە کە بەسەرهاتەکە یان ڕووداوەکە لە زانست و ڕاستیدا دوور دەخاتەوە. لە دێرزەمانەوە ڕووداوی نەورۆز لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا لە دەمی چیرۆکوانانەدا بەم شێوەیە وەک چیرۆکێکی ئەفسانەیی گێردراوەتەوە «لە دێرین زەمانەوە لە خاکی کوردستان شایەکی زۆردارو خوێنرێژ هەبوو ئەو شایە ناوی «ئەژدیهاک یان زوحاک» خاوەنشکۆی ئەو ناوچەیە بووە بە هەموو شێوەیەک خەڵکەکەی دەچەوساندەوە، لە خوێنرێژیدا وێنەی نەبوو، خەڵکی ڕەشورووتی هەراسان کردبوو، تەڕو وشکی بە یەکەوە دەسووتاند، سالانێکی زۆر بەسەرچوو لە ئاهونالەی هەژاراندا نەخۆشیەکی کوشندە بەرۆکی شا دەگرێت لە ئەنجامدا لەسەر شانەکانی شادا دوو ماری زل سەرهەڵدەدەن، بە فەرمانی شا لە سەرتاسەری جیهان پزیشک و دەرمانساز دەهێنن بۆ چارەسەری خاوەنشکۆ. دەڵێن یەکێ لە دەرمانسازە ناودارەکانی چین بە شا دەڵێ ئەو مارانەی سەرشانت لەسەرتەوە نزیکن و هەردەم بۆنی مێشکت دەکەن، بۆیە من پێشنیار دەکەم خۆراکی ئەو مارانە مێشکی مرۆڤ بێت و نابێ ئەو مارانە برسی بکرێن نەوەک پەلامارت بدەن، خاوەنشکۆ فەرمان دەدا هەموو ڕۆژێ دوو لاوی کورد بکرێنە قوربانی و مێشکەکەیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانی بدەن، ئەو تاوانەی شا چەندین ساڵی دەخایاند، کونج و کەلەبەری کوردستان نامێنێ قوربانی نەدات بە ڕۆڵەکانی، ئاسنگەرێک بەناوی «کاوە» دێتە مەیدان و یاخی دەبێت لە فەرمانی خاوەنشکۆدا لەگەڵ دەستەیەک لە خەڵکە قوربانیدەرەکان لە چیاکانی کوردستان یەکدەگرن و هێزێکی لەبن نەهاتوو پەیدا دەکەن و پلانی شۆڕش دادەڕێژن و لە 1 ی مانگی خاکەلێو «ئاخەلێو»ەدا بە ڕێبەرایەتی «کاوە» هەڵدەکوتنە سەر کۆشکو تەلاری شا، پێشەوا کاوە بە چەکوچ «چەکوش» ە ئاسنینەکەی سەری شا پاندەکاتەوە و لەسەر قەڵا و بەرزترین تەلاردا ئاگری سەرکەوتن و سەرفرازی هەڵدەکەن ولەم ڕۆژە نوێیەدا مەشخەڵێ ئاگر تا هەتایە دەکەنە سیبولی ئازادی و مژدەی سەرفرازی و بۆ مانەوەی ئەو ڕووداوە پیرۆزە لە مێژوودا ناوی مانگی «خاکەلێو» یان ئاخەلێو دەبێتە نەورۆز یان «ڕۆژی نوێ».

هەر ئەم چیرۆکە ئەفسانەیە بەم جۆرەش دەگێڕنەوە ««گوایە شای زۆردار «ئەژدیهاک» تێنوویەتی بە خوێنی ڕۆڵەی کوردان نەشکاوەو ڕۆژانە لەجیاتی مەی خوێنی کوردی خواردۆتەوە، ئەو تاوانە بەردەوامەی ئەو خوێنمژە هەستی مرۆڤایەتی یەکێ لە گزیرەکانی دەبزوێنێ و بڕیار دەدا مەڕ و ماڵات سەربڕن لەجیاتی مرۆڤ و ڕۆڵە کوردەکانیش ئازاد دەکا و لە دەشت و کێوەکانی کوردستان خۆیان حەشاردەدەن و پاشی ماوەیەک بە ڕێبەرایەتی کاوەی ئاسنگەر ڕادەپەڕن و پەلاماری کۆشک و تەلاری شا دەدەن و سەری ئەژدیهاک پاندەکەنەوە و لەسەر قەڵای ئەو دڕندەیە ئاگری سەرکەوتن گڕ دەدەن ». بێگومان ئەو چیرۆکە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی بە زۆر جۆری تر باسکراوە هەر تەنها بۆ نمونە ئەو دوو جۆرەم هێنا سەر لاپەڕە، ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەم دوو چیرۆکە وردبینەوە و لەگەڵ یەکتری بەراوردیان پێ بکەین دەبینین هەردوو شێوە لەیەک دەچن چ لە چەوسانەوەی خەڵکی ڕەشورووت و چ لە زۆرداری و دڕندەیی دەسەڵاتدارێکی بێ بەزەیی کە تا ئەمڕۆش ئەو دوو دیاردەیە بەردەوامە. ئەوەی کە تەنها ئەفسانەیە «مارەکانی سەرشانی ئەژدیهاکە»و خواردنەوەی خوێنە، ڕاستە لای ئێمەی کورد نامۆیە، کەچی ئێستاش لە ئەوروپا هەندێ خواردن لە خوێنی مەیبو دروست دەکرێت و دەفرۆشرێت کە بە زمانی هۆڵەندی پێی دەڵێن «بلۆود ڤۆرست» ئەوە لە لایەک، لە لایەکی تر خواردنەوەی خوێن زیاتر مەبەست لە دڕندەیی و بێ بەزەیی ئەو دەسەڵاتدارەیە کەواتە تەنها لایەنێکی ئەفسانەیی کە بە زەقی لە چیرۆکەکانی نەورۆزدا بەدی دەکرێن ئەویش ڕووانی مارە لەسەر شانی مرۆڤدا کە ئەویش مەحاڵە و دروست کراوە ئەوەش هەر تەنها بۆ زیتر سەرنج ڕاکێشانی گوێگر بووە . لە زۆربەی چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا مار، خوێنمژین، مرۆڤی شاخدار، دێو و درنج و ئەژدیها نیشانەی زۆرداری و بێبەزەیی و چەوسانەوەی چینی ژێر دەست بووە.

زانستیی و ڕاستەقینەیی ڕووداوی نەورۆز لە کوێ دایە؟ گومان لەوە دانییە داهێنانی هەستی ترسناک و دژوار لە هەر چیرۆکێکی ڕاستەقینەدا کە بەرەو دونیای یۆتۆپیای ببات ئەوە چیرۆکەکە ڕووە زانستیەکەی لە دەست دەدا و دەکەوێتە نێو چوارچێوەی ئەفسانە وەک ڕووداوی نەورۆز. بۆیە بە گرینگی دەزانم ڕاستی و دروستی نەورۆز لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکرێت کە ئەمڕۆ زیاتر وەک چیرۆکێکی ئەفسانە باسی لێوە دەکرێت و لایەنە زانسییەکەی تا ڕادەیەک لە لایەن دوژمنانی کوردەوە شاردراوەتەوە و هەوڵیان داوە زانستیانە بیکەن بە مێژووی خۆیان. ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار «مێزۆپۆتامیا»کە کوردستانە هەڵدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ زۆربەی هەرە زۆری ئەو هۆزگەلانەی وەکو «لۆلۆئی، گوتی، کاسی، میتانی، نایری، هوری،ماددەکان...هتد» کە پێکهاتەو ڕەچەڵەکی گەلی کوردن لەم سەردەمەدا لەو ناوچەیەدا ژیاون و شوێنەواری شارستانیەتیان لەسەر ئەو تاشەبەردە هەڵکەنراوانە ماوە کە لە کوردستان دۆزراونەتەوە بۆ نمونە «تاشەبەردی دەربەندی گاور، تاشەبەردی بێستوون، ئەشکەوتی هەزارمێرد، ئەشکەوتی شانەدەر «شانیدار» ئەشکەوتی کەرەفتو، گوندی چەرمووی لای چەمچەماڵ، ئەشکەوتی کاوات نزیک جوانرۆ، چیای باتیر...هتد» هەروەها مێژوونووسان و ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژەیان بەوە کردووە کە کورد کۆنترین گەلن لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی مێزۆپۆتامیا وەکو «د.سپایزار، کیرپۆرتێر، کسێنەفۆن، مێجەرسۆن، مینۆرسکی، هێرۆدۆتس، هێرچ فیلد...هتد» هەر ئەوانە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو هۆزگەلانەی ناوم هێنان لە وڵاتی مێزۆپۆتامیادا چەندین جار لە لایەن ئەکەد و بابل و سۆمێر و ئاشوریەکان هێرشیان کراوەتە سەر و داگیرکراون. ئەو هۆزگەلانە زۆر جار یەکیان گرتووە لە دژی داگیرکەرو شۆڕشیان بەرپا کردووەو وڵات و دەسەڵاتی بەهێزیان دامەزراندووە، بێگومان نەورۆزیش یەکێک بووە لەو سەرهەڵدانانەی مێژوو لە کوردستان «مێزۆپۆتامیا». مێژوونوس و ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ڕووسی «ئیگۆر میخایلۆڤیچ دیاکۆنۆڤ 1999-1914» لە توێژینەوەی خۆیدا لە ùپەرتووکی مۆنۆگرافی «میدیا» دا هەر لە لاپەڕە «27 ñ 148» لە مێژووی مادەکانی کۆڵیوەتەوە و باسی دەیان ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانی سەردەمانی مادی نووسیوەتەوە ئەو سەرهەڵدانەی کە لە جەژنی نەورۆزەوە نزیکە بەم شێوەیە دەنووسێ: 612 پ.ز وڵاتی نێوان دوو ڕووبار «مێزۆپۆتامیا» کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ کوردستان ئەو هۆزگەلانەی وەک «لۆلۆئی، گوتی، کاسی، میتانی، نایری، هوری...هتد» تێدا دەژیا کە لە مێژوودا بە ریشە و ڕەچەڵەکی گەلی کورد دەناسرێن، ئەو هۆزگەلانە لەژێر دەسەڵاتی ئاشوریەکاندا دەچەوسانەوە کە ئەو کات «ئەستیاک، ئەستیهاک، هارپاک، ئارپاک، ئەزدیهاک، ئازویاک، ئەژدیهاک» سەرۆکی دەسەڵات بوو.

> به گرنگی دەزانم ڕاستی و دروستی نەورۆز لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بکرێت کە ئەمڕۆ زیاتر وەک چیرۆکێکی ئەفسانە باسی لێوە دەکرێت و لایەنە زانسییەکەی تا ڕادەیەک لە لایەن دوژمنانی کوردەوە شاردراوەتەوە و هەوڵیان داوە زانستیانە بیکەن بە مێژووی خۆیان
>
> رزگار ڕەنجەڕۆ